http://jgarmianuniv.net https://doi.org/10.24271/garmian.36

# شوێنی ستراتیجی پەروێز خان و هەڵسەنگاندنی پەیوەندنی نێوان ناوچە سنووریەكان لە ساڵانی ٢٠٠٦-٢٠١٦ بە بەكارهێنانی مۆدێلی SWOT

**زینب كریم عبدالله**

**زانكۆی گەرمیان كۆلێجی زمان وزانستە مرۆڤایەتییەكان**

zeynab.salehinia@gmail.com

## پوختە

سنوور خاڵێكی لاوازە، واتە بە پێی چۆنێتی ڕێبازی ڕامیاری ولاَتان مانا دەگرێت، بە دڵنیایەوە سنوور لە كیشوەری ئاسیا بەتایبەت ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاست بەردەوام ڕۆڵێكی جیاكەرەوە دەگێڕێت ، گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە كە بە پێچەوانەی ئەمە دەسەلمێنێت ، خاڵی سنووری پەروێزخان وەكو هێڵی ڕامیاری بازرگانی ئەو ناوچە سنووریەكانی وەكو: (قەسری شیرین ، كەلار، سەرپێڵی زەهاو، خانەقین)، نمونەی ناوچەی توێژینەوە هەڵبژاردراون.

میتۆدی توێژینەوەكە وەسفی شیكارییە كە بە بەكارهێنانی مۆدێلی (SWOT) وە دابەشكردنی پرسیارنامە لە نێوان ٤٠ هەڵبژاردەی پسپۆر و ڕۆشنبیری دانیشتووی ناوچەكە، ڕاستی پرسیارنامە وشێوازی پرسیارەكان لە ڕێگای شیكاری (ئالفای كرۆنباخ)[1] پەسەند كرا. چۆنێتی پەیوەندی لە هەموو ڕوویەك بەتایبەت لە بوارەكانی ئابووری، كۆمەلاَیەتی، لە ساڵانی ٢٠٠٦- ٢٠١٣ باش بووە، وە لە ئاستێكی بەرزدا تۆماركرا، ئامانج لەم توێژینەوە پتەوكردنی پەیوەندی نێوان دانیشتوانی ناوچە سنووریەكانە بە گرنگی دان وپەرەپێدان بە شوێنی ستراتیجی پەروێزخان لە دوو لایەنی ئابووری و كۆمەلاَیەتیەوە، لە ئەنجامدا بە دیاریكردنی ستراتیجیە گەورەكان لە مۆدێلی (SWOT) ستراتیجی جۆراوجۆر باشترین هەڵبژاردە دەرچوو .

---

[1] (ئالفای كرۆنباخ Cronbachs alph یان تاقیكەردنەوەی متمانەیی واتا تاقیكەردنەوەی ئاماری جۆرە پەرسیارنامە كە بە شێوەی لیكرت دیزاین بووە واتا وولاَمەكان هەلبژاردنە)

## پێشەكی

سروشتی تایبەتی ناوچە سنووریەكان و دوور بونیان لە سەنتەر و خاوبونی پەرەپێدانی سەنتەر و دەوروبەری لە لایەك و نەبونی وەزعی باشی هەلی كار وبەدەست هێنانی درامەت لە ناوچە سنوریەكان لە لایەكی دیكە هەمووكات كۆمەڵێك كێشە وەكوو :كۆچ ،قاچاخ و جوڵەی جۆراوجۆری دژ بە حكومەتەكانی دروست كردووە[1] هەر بۆیە پێویستە هەڵبژاردنی ستراتیجیە گەورەكان لەلایەنی زانایان و پسپۆڕان و ڕێگا چارە بۆ چارەسەركردنی جۆراوجۆری كێشەكانی ناوچە سنووریەكان دیاری بكرێت چونكە ئەم ناوچانە ڕۆڵێكی زۆریان لە پەرەپێدانی كۆمەڵگا و چالاكیە ئابوریەكان هەیە .

ولآتانێك كە ئاستێكی بەرزیان لە ئازادی بازرگانی هەیە هەموو كات دەوڵەمەندتر لە ولآتانی دیكەن واتە بازرگانی ڕێگەی هەژاری دیاری، نا بەرامبەری كەم و ئازادی بە ڕێژەیەكی زۆر بەرز دەكاتەوە[2] بە دڵنیاییەوە لە دوای شۆرش پیشەسازری زۆرینەی ولآتانی جیهان بەبەكارهێنانی جۆراوجۆری چالاكی ناوخۆ و دەرەكی ئەو بەپشت بەستن بە ئامانجە ئابوری و كۆمەلآیەتیەكان كۆمەڵێك پلان دیاری دەكەن كە گرنگترین پلان چالاكی ئابوری ناوچە سنووریەكانەو بەم شێوەیە لەڕێگای دانیشتوانی ناوچە سنووریەكان، ولآتانی دراوسێ لەتەنیشتی یەك و لەگەڵ یەكدا بەپێی بەرژەوەندی هاوبەش، سەرچاوەی هاوبەش بەكار دەهێنن كە بە تێپەڕبونی كات بە ڕادەی هاوبەشی دولایەن،ئاسایش و پەرەپێدانی ئابوری، زۆربونی هەلی كار لە ناوچە سنووریەكان دروست دەبێت [3].

## كێشەكانی توێژینەوە

مەبەست لە كێشە واتە دیاری كردنی پرسیارە سەرەكیەكانە كە هۆكاری سەرەكی هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەن

ا ) ئایا سنووری پەروێزخان دەتوانرێت وەكو خاڵێكی گرنگ بۆ هەڵسەنگاندنی پەیوەندی نێوان ناوچەسنووریەكان دیاری بكرێت؟

ب ) ئایا سنووری پەوێزخان وەكوخاڵێكی بازرگانی لە هەڵسەندگاندنی جۆراوجۆری پەیوەندی نێوان ناوچە سنووریەكان لەسالانی ٢٠٠٦ -٢٠١٦ لە ئاستێكی باش و بەرزدایە؟

## گریمانەکانی توێژینەوە

ا ) بەڵێ ،بەهۆی گرنی سنووری پەروێزخان لە هەموولایەنێك بەتایبەت بازرگانی-کۆمەلایەتی هەمووجۆرە کاریگەری لە سەرپەیوەندی ناوچەکانی دەور و بەری هەیە.

ب ) نەخێر،خاڵی سنووری پەروێزخان لەساڵانی ٢٠٠٦-٢٠١٣ وەکو شوێنێکی ستراتیجی لە هەموو ڕویەك بەتایبەت ئابووری و کۆمەڵایەتی و زورتر بازرگانی لە ئاستێکی زۆر بەرزدا گاریگەری و ڕوڵکی یەکجار زۆری لە پتەوکردن و پەرەپێدانی ناوچەسنووریەکان هەبووە بەڵام لە ٢٠١٤-٢٠١٦ بەهۆی دەست پێکردنی شەری داعش و سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی بەتایبەت لەناوچە سنووریەکانی هەرێمی کوردستان وەکو کەلار و خانەقین پەیوەندیەکان لاواز دەبێت.

## گرنگی توێژینەوە

سنوورەکان ڕۆڵی جۆراوجۆریان هەیە کە لە مێژوودا گرنگترین ڕۆڵی سنوور بە تایبەت لە وولاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست جیاکەردن و دورکەردنی خەڵك بووە بەڵام بە پێی تێپەر بوونی کات و پەرە سەندنی تەکنۆلۆژیا سنوورەکان وەکو شوێنێکی ستراتیجی ڕۆڵی نوێ دەگێڕن واتا ڕۆڵی نزیك کەردن و پەرەپێدانی جۆراوجۆری پەیوەندی خەڵك دەگێڕن سنووره نێودەوڵەتیەکان لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لەم سەردەمە ڕۆڵی بازرگانی و بەرگەیان هەیە بەتایبەت ناوچەی هەڵبژاردراو واتا سنووری پەروێزخان بە دەرکەوتنی ئاما نجی دروست کەردن و پەرەسەندنی بازاڕە بچوکوکان بە تایبەت لە مسافەی نزیك لە ناوچە سنووریەکان جۆراوجۆری ڕێکخراوی پێکهاتوو لە دانیشتووی سنوور، دانانی جۆراوجۆری سەنتەری بازرگانی بە مەبەستی هاتووچۆکردنی جۆراوجۆری بەرهەم، دامەزراندنی گومرك دروستکردنی جۆراوجۆری دەروازە بە مەبەستی ئاسانکردنی هاتووچۆ، دروستکردنی ناوچەی تجاری بە بەستنی ڕێککەوتن نامە بە مەبەستی بازرگانی دەبنە هۆی پەرەسەندنی جۆراوجۆری پەیوەندی دانیشتوانی ناوچەکە .

## ئامانجی توێژینەوە

بەهۆی نەبوونی توێژینەوە سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی پەیوەندی نێوان ناوچە سنووریەکان بە پێی ڕۆڵی ستراتیجی سنووری پەروێزخان و ئەو دیاری نەکردنی ستراتیجییە باشەکان بە مەبەستی پەرەپێدان و جۆراوجۆری پەیوەندی نێوان ناوچە سنووریەکان و ئامانجەکانی توێژینەوەی بەردەست بە دروشمی گشتی و تایبەت دیاری کراوە .

## ئامانجە گشتیەکان

١) دیاری کردنی ستراتیجی گونجاو بە مەبەستی پەرەسەندنی پەیوەندی .

٢) ناساندنی جۆری پەیوەندی ناوچە سنووریەکانی پەروێزخان .

## ئامانجە تایبەتەکان

١)هەڵسەنگاندنی جۆراوجۆری پەیوەندی نێوان ناوچە سنووریەکان بە گرنگیدان بە سنووری پەروێزخان و پەرەپێدانی پەیوەندی ئابووری- کۆمەلآیەتی .

٢)شیکردنەوەی لایەنە باشەکانی جێگا و ڕۆڵی سنووری پەروێزخان لە پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی ناوچە و باشترکردن و ناساندنی لایەنە خراپەکانی و گۆڕینی بۆ لایەنی باش .


## میتۆدی توێژینەوە

جۆری میتۆدی توێژینەوە وەسفی- شیکاری هەڵبژاردرا وەك ڕێگای کۆکردنی سەرچاوەکان بەڕێگای تێکەلآوە کە بە دوو قۆناغ ئەنجام بووە .

یەکەم: شێوازی کتێبخانەیی واتا کۆکردنی زانیاری نووسراو لە گۆڤارەکان، ماستەرنامە، تەز، کتێب و گەران لە ڕێگای تۆری ئنترنێت لە ویب سایتە زانستیەکان

دووەم : شێوازی مەیدانی واتا کۆکردنەوەی زانیاری سەبارەت بە سنووری پەروێزخان و ناوچە سنووریەکان لە ڕێگای مەیدانی بەسەردان بە فەرمانگەی حکومی و اهلی زانستی واتا کۆکردنەوەی داتای فەرمی لە ڕێگەی سەردان بۆ

قایمقامی، شارەوانی، سەنتەری ئەندازیاران و ئاوەدان كردنەوە لە ناوچە سنووریەكان و سەردانی چەند جارە بۆ سنووری پەروێزخان لە كۆتایدا بە پێی مۆدێلی swot بە مەبەستی دیاری كردنی لایەنی باش و خراپی جۆراوجۆری پەیوەندی ناوچە سنووریەكان و باشتركردنی باشی و چارەسەركردنی خراپیەكان بە پێی ئەم مۆدێلە ستراتیجییە گەورەكان دەركەوت و باشترینی ستراتیجی جۆراوجۆر و ركابەری و هێرەش بەر هەڵبژاردرا، ڕاستی پرسیارنامە وشێوازی پرسیارەكان لە ڕێگای شیكاری (ئەلفای كرۆنباخ) پەسەند كرا. جۆری ئاماری گشتی بۆ دابەش كردنی پرسیارنامەكان لە نێوان ڕۆشنبیران و زانایان كە دانیشتووی ناوچەی سنووری پەروێزخان و خاوەن تێوری، سەبارەت بە سنور و مودێلی هەلبزاردە بوون و جۆری ئاماری نموونە بۆ هەڵبژاردنی ناوچە ی سنووری، چووار شاری قەسری شیرین ،سەرپێل زەهاو، كەلار و خانقین كە هۆی هەڵبژاردنیان نزیكی مەودا لە سنووری پەروێزخان و هەبوونی جۆراوجۆری پەیوەندی و جموجوڵی بووە كە لە ڕێگای گشتی پەسەند هەڵبژاردراون. هەروەها و هەڵبژاردنی ٤٠ كەس لە ڕۆشنبیران و زانایان وەكو جۆری ئاماری نمونە لە ڕێگای شیكاری كۆچران ٤٠ كەس لە خاوەنی شەهادەكان و دەرچوانی كۆلیێج، زانكۆكان و مامۆستایانی زانكۆ و نووسەران لە ڕێگای شیكاری ئاسان هەڵبژاردرا و بە مەبەستی وەڵام دان بە پرسیارەكانی پەرسیارنامەی هەڵبژاردراو، قەبارە (حجم) نمونەی ناوچەی توێژینەوە لە ڕێگای شیكاری كۆچران پەسەند كراوەن.




| | 20تا30سال | 30تا40سال | 40تا50سال | 50تا60سال |
|---|---|---|---|---|
| نزم تر لە بەكالۆریۆس | 1 | 3 | 1 | 2 |
| بەكالۆریۆس | 8 | 3 | 4 | 2 |
| ماستر | 4 | 6 | 3 | 0 |
| دكتورا | 0 | 1 | 2 | 0 |

ئاستی شەهادە، سەرچاوە: توێژەر، ٢٠١٧، (١)

## توێژینەوە رابەردووەکان

به مەبەستی ناساندنی دەست کەوتی توێژینەوەکانی ڕابردوو سەبارەت بە ناونیشان و بە گەڕان لە سەنتەرە ئەلیکترۆنییەکان و بە سایتە زانستیەکان، زانیاری جۆراوجۆری بەڵگەی زانستی وەکۆمەڵێك سەرچاوە کە زۆرترین نزیکی مانایی لەگەڵ مەوزوعی توێژینەوەکە هەبێت بە ناوی توێژینەوەکانی ڕابردوو هەڵبژاردراوە کە بە پێ ی ئەمانەی خوارەوەیە :

تا ئێستا سەبارەت بە سنوور جۆراوجۆری توێژینەوەی زانستی نووسراوە وەکو : ( امام علی عاشری وە هاوکاران ) لەتوێژینەوەیەك بە ناونیشانی بەراوردی کاریگەریەکانی ئابووری – کۆمەلایەتی و ئاسایشی دامەزراندنی بازارە بچوکە سنووریەکان و ڕۆڵی لە پەرەپێدانی ناوچە سنووریەکان ( نمونەی هەڵبژاردە : بازاڕە بچوکەکانی سنووری جوانڕۆ ( شێخ صاڵح )) کە کاریگەریە ئابوری – کۆمەڵایەتی و ئاسایشی بازاڕە بچوکە سنووریەکانی جوانڕۆ وەکو دیاردەیەکی ئابووری لەسەر دیاردە کۆمەڵایەتیەکان شیکردنەوەی لەسەر کراوە کە لە ئەنجامدا چالاکیەکانی بازاڕە بچوکە سنووریەکان هۆکاری سەرەکی دروست بوون و پەرەسەندنی هەلی کار و فراوانبونی جۆراوجۆری جموجوڵی ئابووری دانیشتوانی ناوچە سنووریەکان دیاری کراوە[4] ناصر رزایی و محمد رووف حیدری فر لە ساڵی ٩٥ی خ لە توێژینەوەیەکی هاوبەش بە ناونیشانی کێشە و کەم و کورتیەکانی ئاسایشی پارێزگای کرماشان بە مەبەستی باشتر کردنی پرۆسەی چاودێری و کۆنترۆڵی سنوور کە لەسەر بنەمای جوگرافیای و بنەمای ژیۆپلۆتیکە بە مەبەستی ناساندنی ووردی سنوورەکانی پارێزگای کرماشانە ، ئامانج لەم توێژینەوە پتەوکردنی پەیوەندی نێوان دوو ووڵاتی ئێران و عێراقە[5]

حمید رزا ابراهیم زادەو مسعود بەیکدڵی لە ساڵانی ٩٥ ی خ لە توێژینەوەیەکی هاوبەش بە ناوی بەراوردی ڕۆڵی بازاڕە بچوکەکانی سنوور لە ئاسایش و پەرەپێدانی بەردەوامی شارە سنووریەکان نمونەی هەڵبژاردە : ( بازاری سنووری پەروێزخان ، قەسری شیرین )، بەم ئەنجامانە گەیشتن کە ناوچە سنووریەکان وەکو قەسری شیرین بەهۆی نزیك بوونیان لە سنوور، سەرچاوەی ئابووری بۆ دانیشتوانی ناوچەکە ئەژمار دەکرێن کە گرنگترینیان هەبوونی بازاڕە بچوکەکان دەبنە هۆی هەلی کار و کەم کردنەوەی قاچاخ و بەرزکردنی ئاسایش و پەرەپێدانی ناوچەکە[6].

## ناوچەی توێژینەوە : واتا ناساندنی ناوچەی توێژینەوە بە پێ ی ناونیشان و کات و شوێن

سنووری پەروێزخان لە نێوان درێژای ٢١ و ٢٢ تا ٣٥ و ٤٥ بۆ لای ڕۆژهەلاَت و ٥٦ و ١٥ تا ٣٣ و ٣٤ ی پانی باکور پێکدێنێت . زۆرترین بەرزی بە پێی بەرز و نزمی ناوچەکە ڕێژەی ٤٠٠م و کەمترین بەرزی ٣٥٠م تۆمار کراوە ، بەرزی ناوەندی ناوچەکە لەسەر ئاستی دەریا ٣٧٥م تۆمار کراوە شوێنی ئستراتیجی پەروێزخان وەکو خالێکی بازرگانی لە نێوان ناوچە سنووری هەڵبژاردەکان واتا ( کەلار ، خانقین ، قسری شیرین ، سربیلٚ زهاو ) لەسەر ڕێگای ستراتیجی – بازرگانی- مێژووی ئاورێشم کە نزیکترین ڕێگە بووە بۆ پەیوەندی و پەرەپێدانی پەیوەندی لە ڕێگەی ولاَتی عێراق و سوریا بە ڕێژەی ٩٠٠ کم بۆ ولاَتانی ئوروپی[٧]

سنووری پەروێزخان باشترین ڕێگە بۆ کۆکردنی سەرمایە لە ناوچە سنووریەکان و تەنانەت هەرێمی کوردستان ئەژمار دەکرێت هاوبەشی زمان ، کەلتور و بیروبۆچوونی دانیشتوانی سنوور ئاستێکی باشی ئاسایش و ئەمنی دروست کردووە کە ڕۆژ بەدوای ڕۆژ لەسەر پتەوکردنی پەیوەندیەکان کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە .

جۆراوجۆری بەرهەم لەم سنوورە لەڕێگەی وولاَتی ئێران بۆ هەرێمی کوردستان هەناردە دەکرێت وەکو : پەتاتە ، تەماتە ، پیاز ، شوتی ، خەیار ، پێلاَو ، جۆراوجۆری ئامێری گەرم و فێنك کەرەوە ، جۆراوجۆری بسکێت و کێك ، ببسی ، هەروەها گواستنەوەی نەوت و بەرهەمە نەوتیەکان .

بە پێی کۆتاین داتاکان بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ شوێنی ستراتیجی – بازرگانی پەروێزخان زۆرتر لە ٣٠٠٠ هەلی کاری بۆ دانیشتوانی ناوچە سنووریەکان بە تایبەت گە نجانی سنوورەکە ڕەخساندووە .

## گرنگترین بنەما تیۆریەکانی توێژینەوە

### سنوور

سنوور هێڵی جیاکەرەوەی نەتەوە یان بناغە مانا دەکرێت کە لە بنەمای فەلسەفی بەهێز و بەردەوام پێك هاتووە[٨] هێڵە سنووریەکان بە هێڵی گرێیەست دا دەنرێن کە بە مەبەستی دیاری کردنی بنەمای ڕامیاری بەکار دێن[٩] بە پێی زاراوەی قاموسی جوگرافیای مرۆیی ، سنوور هێڵی جیاکەرەوەی لقێك لە لقی دیکەیە. سنوورە ئیداری و حکومیەکان لە ناوخۆی وولاَت لە ڕێگەی خزمەت گوزاری بۆ ناحیە پێویستەکان بە مەبەستی خزمەت گوزاری گشتی بەکار دێن[١٠]

لەسەر نەخشە ، سنوورەکان بە شێوازی هێڵی زۆر باریك دەردەکەون بەلاَم سنوور هێڵ نییە ، ڕووبەرێکی دیاری کراوە کە بە شێوازی ستوونی فەزا، خاك و قوولاَی وولاَتانی دراوسێ دیاری دەکات ئەم ڕووبەرە لە ڕووی زەوی بە شێوازی هێڵی دیاری کراو دەردەکەوێت و ڕۆڵی دابەشکراوەیی دەگێڕێت و هێمای تایبەتی بۆ دادەنرێت[١١] .

سنوورەکان لە شوێنێك دروست دەبن کە وەرزی هاوبەشی ستونی نێوان ولاَتان لەسەر زەوی دەگوزەرێت[١٢] واتا سنوور بە دیاردەیەکی فەزای دەوترێت کە نیشاندەری حکوم ڕانی ڕامیاری حکومەت ئەژمار دەکرێت کە بە پیێ ی یاسای تایبەت لە بەرامبەر یاسای تایبەت بۆ گواستنەوەی مرۆڤ ، جۆراوجۆری بەرهەم و چۆنیەتی بیرکردنەوەکان بەربەست دروست دەکات[١٣]

## شوێنی ستراتیجی پەروێزخان لە سالاَنی ٢٠٠٦ -٢٠١٣

سنووری پەروێزخان وەکو ڕوبەرێکی رامیاری بۆ ناوچە سنووریەکانی نێوانی هەرێمی کوردستان و وولاَتی ئێران لە ڕوانگەی ئابووری و کۆمەلاَیەتی پێگەیەکی ستراتیجی هەیە کە لەبەرامبەر پارێزگای سلێمانیە و نزیکترین شاری سنووری لە لای هەرێمی کوردستان کەلار و لە لای ولاَتی ئێران قەسری شیرین وە لە مەودای ٣.٥ کم لە باکوری شاری قەسری شیرینە .




وێنەی هەوای ناوچەی تویژینەوە ،سەرچاوە:تویژەر،٢٠١٧،(٢)

## بازاڕە بچوکەکەی پەرویزخان

دوورکەوتنەوەی جوگرافیایی ، ئاڵۆزی سروشتی و ئابووری لە کۆمەڵێك لە ناوچە سنووریەکان بە تایبەت لە بواری کشت و کاڵ و پیشەسازی هەموو کات هۆی پەرەسەندنی هەژاری و تێکدانی ڕێژەی دانیشتوانی ئەم ناوچانە بووە هەر بۆیە حکومەتەکان بەردەوام بەدوای دروست کردن و پەرەپێدانی هەلی کار ، بەرزکردنەوەی ڕێژەی دانیشتوان و ڕێگریکردن لە قاچاخ ، کۆمەڵێك ستراتیجیان بەکار هێناوە کە گرنگترین ئستراتیجی زۆربەی حکومەتەکان دروستکردنی بازاڕە بچوکەکان بە ئامانجی ئابووری – کۆمەلآیەتیە[14] بازاڕی بچوك لە ڕوبەرێکی بچوك و خاوەن کۆمەڵێك تایبەت مەندی و یاسای تایبەتە کە لە زاراوە لەگەڵ مانای بازاڕ جیاواز دەبێت[15] . بازاڕی بچوکی سنووری واتا ئەو ڕوبەرەیە کە لە خاڵە سنووریەکانە و بە پیٚ ی ستانداردی دیاری کراو لە لایەن حکومەتەکان و بە شێوازی سەربەخۆ یان بە پیٚ ی ڕێکەوتننامە دروست دەکرێت و بە هەبوونی نوێنەری نشینگە و داب و نەریتەکانی هاوردن و هەناردەکردنی جۆراوجۆری بەرهەمی دیاری کراو بە ئامانجی بازرگانی دادەمەزرێت .


دانیشتوانی ناوچە سنووریەکان یەکەم بەشداری کەری گواستنەوە و بازرگانی جۆراوجۆری بەرهەم لە بازاڕە بچووکەکانی سنوورن ، لە دروستبوونی بازاڕە بچوکە سنووریەکان هۆکاری جۆراوجۆر وەکو : هۆی ئابووری ، ئاسایش ، کەلتوری و کۆمەلایەتی و ئامانجی جۆراوجۆر وەکو : ئاسایشی گشتگیر ، دروستکردنی هەلی کار ، چارەسەری پرۆسەی کۆچ دابین دەکرێت[16] . هۆکاری سەرەکی دروستکردنی بازاڕە بچوکەکانی سنووری پەرویزخان بازرگانی – کۆمەلآیەتیە کە بە مەبەستی نزم کردنی ڕێژەی هەژاری ، دروستکردنی هەلی کار بۆ دانیشتوانی ناوچە سنووریەکان بووە

**پەرەسەندنی هەلی کار لە بازاڕە بچوکەکەی پەرویزخان لە ٢٠٠٩**

| هەلی کار | تاکە کەس ڕۆژانە |
|---|---|
| کرێکاری | ١٢٠٠ تاکە کەس لە ڕۆژ |
| بازرگانی | ٦٠٠ تاکە کەس لە ڕۆژ |
| شۆفێری و یارمەتیدەری شۆفێر | ١٠٠٠ تاکە کەس لە ڕۆژ |
| فرۆشیار | ٢٠٠ تاکە کەس لە ڕۆژ |
| کۆی گشتی | ٣٠٠٠ تاکە کەس لە ڕۆژ |

سەرچاوە : قایمقامی قەسری شیرین ، ٢٠٠٩ ، ( ٣ )

بازاڕە بچوکەکانی سنووری پەروێزخان لە ساڵانی ٢٠٠٦ – ٢٠١٣ جموجوڵی بازرگانی و کۆمەڵایەتی باشی هەبووە بەلاّم لە ساڵانی ٢٠١٤ – ٢٠١٦ بەهۆی کاریگەریەکانی شەری داعش و بەدوای سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی ئاستی نزم و نزم تر دەبێتەوە




سەرچاوە:تویژەر، ٢٠١٧(٤) نەخشەی سنوری پەرویزخان

## کاریگەری ئەمنی و ئاسایش ، ڕامیاری و کەلتوری شوێنی سراتیجی پەروێزخان لەسەر پەیوەندی دانیشتوانی ناوچە سنووریەکان لە ساڵانی ٢٠٠٦ – ٢٠١٦

### کاریگەری ئاسایش و ئەمنی

شوێنی ستراتیجی سنووری پەروێزخان بەپێ ی بەراورد لەگەڵ زۆرینەی سنوورەکانی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست لە ڕێگەی پەرەپێدانی بازرگانی ئاستی ئاسایشی بۆ ناوچە سنووریەکان بەرزکردوەتەوە . گرنگترین هۆی مانەوە و فراوانبوونی ڕێژەی دانیشتوانی ( قسری شیرین ، خانقین ، سەربیڵ زەهاو ، کەلار ) زۆربوونی چالاکیە بازرگانیەکانە واتا بە پێ ی داتاکان هەرچەندە هەلی کار بە تایبەت بۆ چینی گەنج لە سنووری پەروێزخان بڕەخسنرێت ئاسایشی کۆمەڵایەتی و

ئابووری ناوچەكە دەپارێزێت . بە دڵنیاییەوە سەرمایە گوزاری حكومەت لەم ناوچانە دانیشتوانیان سەبارەت بە چالاكیە ئابووریەكان یەك هەڵوێست دەكات و ڕێژەی نا ئەمنی دادەبەزێنێت و پەیوەندیەكان پتەو دەكات .

## كاریگەری ڕامیاری

پەیوەندی ڕامیاری هەرێمی كوردستان و وڵاتانی دراوسێ بە تایبەت لەگەڵ كۆماری ئیسلامی ئێران كاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر بەرەو پێشچوون یان وەستانی جۆراوجۆری چالاكیەكانی سنووری پەروێزخان هەبووە یەكێك لە گرنگترین هۆی ڕامیاری كۆبوونەوەی بەرپرسانی هەردوو لایان دروستكردن و پەرەپێدانی بازاڕە بچوكەكان كە چۆنیەتی پەیوەندی هەردوولایان و باری ئەمنی هەرێمی كوردستان كاریگەری ئەوتۆی لەسەر جموجوڵی بازرگانی ناوچە سنووریەكان هەیە هەر بۆیە لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٦ -٢٠١٦ جموجوڵی بازرگانی لە ناوچەكانی سنووری پەروێزخان لە یەك ئاست نەبووە ، لە ساڵانی ٢٠٠٦ – ٢٠١٣ جموجوڵی بازرگانی بە پێ ی بارودۆخی باشی ڕامیاری بە تایبەت لە ناوچە سنووریەكانی هەرێمی كوردستان لە ئاستێكی باشدا بووە بەڵام لە دوای ٢٠١٣ و سەرهەڵدانی جموجۆڵی تیرۆرستی ڕێكخراوی داعش یەكەم هۆی ئالۆزكردنی باری ئەمنی و ڕامیاری ناوچەكە بوو كە زۆرینەی چالاكیە ئابووریەكان بە تایبەت لە بازارە بچوكەكانی سنووری پەروێزخان وەستا .

## كاریگەری كەلتوری

دانیشتوانی ناوچە سنووریەكان لە زۆربەی وڵاتان لە هەردوولا جۆراوجۆری پەیوەندی كەلتوری، خزمایەتی، عەشیرەتی و كۆمەلایەتی بەهێزیان لەگەڵ یەكدا هەیە. هەبوونی هاوبەشی زمان و یەكسانبوونی بیروبۆچوونی كۆمەڵایەتی دانیشتوانی ناوچەی سنووری پەروێزخان بە تایەت نێوان خانقین و قەسری شیرین، كەلار و سەرپیلٚ زەهاو بووە بە تایبەت هۆی پەرەپێدان و فراوانبوونی بازاڕە بچوكەكان لە هەردوو سەری سنووری پەروێزخان هەستی نەتەوایەتی بەهێز كردووە دانیشتوانی ئەم ناوچانە بە متمانەی هاوبەشی نەتەوایەتی بە چالاكی ئابووری – بازرگانی و كۆمەڵایەتی لەگەڵ یەكدا خەریكن، زمانی هاوبەش یەكەم هۆی پەرەپێدانی جۆراوجۆری پەیوەندیەكانی نێوان ناوچە سنووریەكانە.

**هەڵسەنگاندنی جۆراوجۆری پەیوەندی نێوان دانیشتوانی ناوچە سنووریەکان لە ساڵانی ٢٠٠٦ – ٢٠١٦ بە مۆدێلی SWOT**

**دانیشتوانی ناوچە سنووریەکان لە باردۆخی ئاسایشی ناوچەکە تا ڕادەیەکی باش دڵخۆشن بەڵام لە چۆنیەتی ستراتیجی حکومەتەکان بۆ دابینکردنی ئاسایش دڵ نیگەرانن ڕێژەی دڵخۆش بوون لە شوێنی نیشتەجێ بوون لە ڕوانگەی کۆمەڵگا لە ئاستێکی نزمدایە کە دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری جۆراوجۆر یەکێك لە هۆکارەکان نەبوونی ئاسایشی گشتی بۆ ژیان و چالاکیە ئابووریەکان لە ناوچەکەدایە ، بە مەبەستی دابینکردنی ئاسایش لەم ناوچانە پەرەپێدانی گشتگیری سنوورەکان لە لقەکانی جۆراوجۆری ئابووری و کۆمەڵایەتی پێویست دەکات ، چونکە پەرەپێدان و ئاسایش پەیوەندی تێکەڵاویان هەیەو تەواوکەری یەکترن[١٧] .**

**گرنگترین کێشەکان لە ناوچە سنووریەکان واتا خانقین ، قەسری شیرین ، کلار و سەربیل زەهاو لە ڕوانگەی ڕۆشنبیرانی دانیشتوانی ناوچەکە ئەمانەی لای خوارەوەیە :**

- **نەبوونی هەلی کار**
- **هەبوونی بەربەستی جۆراوجۆر لە سنووری هاوبەش .**
- **گرنگی نەدانی حکومەت .**
- **کەم بونەوەی ڕێژەی گەشتیار .**
- **گرنگی نەدان بە لادێکان .**
- **کەم و کورتی ئابووری لە بەراورد لەگەڵ شارەکانی دیکە .**
- **نەبوونی ئاسایش بەهۆی ڕێکخراوە تیرۆرستیەکان .**
- **نەبوونی سەرمایە گوزاری دەرەکی لە ناوچە سنووریەکان .**

**هاوبەشی نەتەوەیی و کەلتووری نێوان خانقین، قسری شیرین، کەلار و سەربیل زەهاو ژێرخان و بنەمای پێویست بۆ پەرەپێدانی شوێنی ستراتیجی پەروێزخان بە مەبەستی دروست کردن و فراوان کردنی ناوچەی ئازادی بازرگانی دابین دەکات ، هاوبەشی نەتەوەیی بە تایبەت لە لایەنی زمانەوانیەوە دەبێتە هۆی سەرەکی ئاسایشی گشتگیری ناوچەکە .**

مۆدێلی شیکردنەوەی SWOT لەسەر بنەمای لۆجیکی فازی میتۆدی دۆزینەوە و هەڵبژاردنی خاڵی بەهێز ، کەم و کورتی ناوخۆ ، جۆراوجۆری هەل و هەڕەشەکانی دەرەکی کە لەبەردەم سیستەمەکە بەکار دێت . شیکردنەوەی SWOT دۆزینەوەی رێك و پێکی فاکتەرەکانە کە ستراتیجی دەبێت باشترین هاوبەشی لەگەڵدا هەبێت[١٨] .

لۆجیکی SWOTئەوە دەسەلمێنێت کە ستراتیجی چاکسازی دەبێت خاڵە بەهێزەکان و هەلەکانی سیستەم پەرە پێ بدات و کەم و کورتیەکان و هەڕەشەکان بە کەم ترین ئاست بگەیەنێت . ئەم لۆجیکە ئەگەر لە ڕێگەی دروست بەکار بێت ئە نجامەکانی زۆر باش بۆ هەڵبژاردن و دیزاینی ستراتیجی چاك دەبێت.

SWOT لە زاراوە واتا شیکردن ، ناساندن و ریزبەندی خاڵە باشەکانی ناوخۆ و دەرەکی[١٩]

ووشەی SWOT پێك هاتووە لەمانەی خوارەوە[٢٠]

S: Strength ( **خاڵی بەهێز** ) W: Weakness ( **کەم و کورتی** )

O: Opportunity ( **هەل** ) T: Threat ( **هەڕەشە** )

| ماتریس خاڵەکانی کەم و کورتی ، خاڵەکانی بەهێز ، هەرەشەکان و مەجالەکانی هەڵسەنگاندنی جوراوجوری پەیوەندی لە ناوچەسنوریەکان | | |
|---|---|---|
| | **هەلەکان**(O) | **خاڵەبەهیزەکان** (S) |
| **ئابووری** | $O_1$=هەبونی بنەمای جۆراوجۆری هەلی کار لە شار سنووریەکان<br>$O_2$=سەرمایەگۆزاری لە خزمەت گوزاری لە سنوور و ناوچە سنووریەکان<br>$O_3$=بەرزبونەوەی ئاستی گواستنەوەی جۆراوجۆری بەرهەمەکان لە سنوور بووەتە هۆی دروست بونی هەلی کار بە تایبەت پێش ٢٠١٣ و دووای ٢٠١٦<br>$O_4$=باش بوونی ئابوری ناوچە سنووریەکان لە رێگەی بازرگانی سنوور<br>$O_5$=دروست کردن و پەرەپێدانی بازارە بچوکەکانی سنوور بە مەبەستی بەهێزکردنی ئابوری لادیەکان<br>$O_6$=پالپشتی لە سەرمایەگوزاری دەرەکی<br>$O_7$=کەم کردنەوەی باج بۆ تاک و جورَاوجۆری بەرهەم و خەزمەت گوزاری | $S_1$=پەرەپێدانی جۆراوجۆری بازرگانی<br>$S_2$=دروستبونی هەلی کار<br>$S_3$=دروست کەردنی بەنداو و لەقەکانی ئاو لە شارە سنوورییەکان<br>$S_4$= دروست کەردنی حەوزی ماسی لە لادی سنوورییەکان<br>$S_5$=هەبونی هاوبەشی فراوانی سنووری بو دروست کردنی ناوجەی ئازادی بازرگانی |

| | | |
|---|---|---|
| كومەلایەتی و كلتوری | $O_1$=گرینگیدان و رێزلێنان لە جل و بەرگی كۆردی بە پۆشینی لە لایەن فەرمانبەرانی سنووری هەرێم<br>$O_2$=سازدانی فستیَوالی كوَردی لە ناوچە سنووریەكان بە تایبەت لە هەرێم<br>$O_3$= سازدانی كومەلێک كۆنفرانس و دیدار سەبارەت بە ناوچەی گەرمەسێر لة كولیَجي زمان و زانستة مرڤایەتیةكان | $S_1$=هاوبەشی نەتەوەیی ناوچەسنووریەكان<br>$S_2$=هەبونی كلتوری دولەمەنی هاوبەش<br>$S_3$=هاوبەشی زمانەوانی بە تایبەت نیَوان دانیشتوانی خانقین،قەسری شیرین و سەرپیل زهاو<br>$S_4$=هەبونی خەزمایەتی نیَوان دانیشتوانی ناوچە سنووریەكان |
| ژینگەیی | $O_1$=رێژەی بەرزی سەوزایی لە شاری خانقین و قەسری شیرین ببێتە هۆی دروست كردنی شوێنە خزمەت گوزاریەكان<br>$O_2$=دامەزراندنی پاركی ئاژەلان لە ناوچە سنووریەكان | $S_1$=هەبونی كەش و هەوایی گونجاو بە تایبەت لە ورزی بەهار لە ناوچە سنووریەكان<br>$S_2$=هەبونی ریژەیەكی بەرز لە دار و دارستان بە تایبەت لە شاری خانقین<br>$S_3$=سروشتی تایبەتی ناوچەسنووریەكان لە لایەن بەرز و نزمی |
| رامیاری و ئاسایش | $O_1$=دامەزراندنی بەرێوبەرایەتی نشێنگە لە شارە سنووریەكان<br>$O_2$=زوَر كەردنی ژمارەی ئامێرە پێشكەوتووە تایبەتی ئاسایش<br>$O_3$=دامەزراندنی رێكخراوی ئەمنی لە ناوچە سنووریەكان | $S_1$=هەبونی مەودایەكی زور لە هاوبەشی سنوور<br>$S_2$=هەبونی ئاسایشی گـشت گیر بەتایبەت پێش شەری داعش لە ناوچە سنووریەكان<br>$S_3$=ئاسانكاری هاتووچو بە پەیەكوبەستنی رێگە و بان لە سنوور |
| | هەرِەشەكان (T) | خاڵەكانی كەم و كورَتی (W) |
| ئابوری | $T_1$=نەبونی پلانی تایبەت سەبارەت بە چونیەتی پەرەپێدانی هەلی كار لە شار سنووریەكان<br>$T_2$=جیاوازی بەهای دراوەكان لە ناوچە سنووریەكان<br>$T_3$=جیاوازی بەهای زەوی لە شارە سنووریەكان واتا گرانی بەهای زەوی لە شاری كەلار لە بەرآورد لە گەل شارەكانی دیكە<br>$T_4$=بەهای زور بەرزی خەزمەت گوزاریەكان | $W_1$= نەبونی هەلی كار لە شار سنووریەكان<br>$W_2$=بەرز بونەویی ئاستی بێكاری بەتایبەت دووایی ٢٠١٣ لە ناوچە سنووریەكان<br>$W_3$=كەم بونەویی رێژەیی گەشتیار بەتایبەت دووایی ٢٠١٣<br>$W_4$=خراپ بوونی بارودوخی ئابوری شار سنووریەكان<br>$W_5$=نەبونی سەرمایەگوزاری دەرە كی لە ناوچە سنووریەكان |
| كومەلایەتی و كلتوری | $T_1$=نایەكسانی ریژەی دانیشتوانی ناوچە سنووریەكان لە نێوان سالانی دیاری كەراو<br>$T_2$=نەبون و كۆن بونی دیتا سەرژمێریەكان<br>$T_3$=گۆرانكاری نەتەوایەتی لە شارە سنووریەكانی هەریمی كوردوستان بە تایبەت لە ٢٠١٣-٢٠١٦<br>$T_4$=جیاوازی ئایینی نێوان دانیشتوانی ناوچە | $W_1$=نزم بونەویی پروسەی هاوسەرگیری بە تایبەت دووای ٢٠١٣<br>$W_2$=نەبون و كەم بونی فستیوالی نەتەوایەتی لە نێوان دانیشتوانی ناوچە سنووریەكان |

| | | |
|---|---|---|
| | سنووریەکان | |
| ژینگەیی | $T_1$=کەم تر خەمی دانیشتوان و بەرپەرسان سەبارت بە پاک و خاوێنی ناوچە سنووریەکان بە تایبەت لە شاری خانقین<br>$T_2$=بەرزبونەوەی رێژەی پێس بونی کەش و هەوا،ئاو و خاک بەتایبەت دوای ٢٠١٣ | $W_1$=کەم تر خەمی بەرپرسان و دانیشتوانی ناوچە سنووریەکان بو پاک و خاوێنی ژینگە<br>$W_2$=کەم تر خەمی بەرپرسان و دانیشتوانی ناوچە سنووریەکان بوَ پاراستنی ژینگە |
| رامیاری و ئاسایش | $T_1$=دروست بونی هەرەشەی ناو بە ناوی چالاکی رێکخراوی تروریستی بە تایبەت دووای ٢٠١٣ و لە شار سنووریەکان<br>$T_2$=هاتووچوی زور لە کاتە تایبەتەکان لە سنوور<br>$T_3$=نەبونی ئامێری جوَراوجوَری ئاسایش لە سنووری هەرێم | $W_1$=داخستنی سنوور لە کاتە تایبەکان لە دووای ٢٠١٣<br>$W_2$=کەم تر خەمی بەرپرسان سەبارت بە شار سنووریەکان<br>$W_3$=ئالوزی ئاسایشی ناوچە سنووریەکان دووای ٢٠١٣<br>$W_4$=لە بیر کەردنی لادیە سنووریەکان لە لایەن حکومەتەکان<br>$W_5$=هەبونی نائەمنی لە ناوچە سنووریەکان بەهۆی رێکخراوی تروریستی |

**سەرچاوە:تویژەر،** ٢٠١٧،(٥)

**لە ڕوانگەی ئەم مۆدێلە ستراتیجی باش ئەوەیە کە ئاستی خاڵە بەهێزەکان و هەلەکان زۆر بەرز و کەم و کورتیەکان و هەڕەشەکان نزم و نزم تر بکات بۆ ئەم مەبەستە خاڵە بەهێزەکان و کەم و کورتیە ناوخۆیەکان و هەل و هەڕەشە دەرەکیەکان لە حاڵەتێکی گشتی WT,ST,WO,SO بەیەك دەبەسترێن و ستراتیجی گەورەکان دروست و هەڵدەبژێردرێن**[٢١].

**شیکردنەوەی SWOT بە مەبەستی هەڵبژاردنی ستراتیجی بە کار دییت، لەم مۆدێلە ئەگەری هەیە ئەوەی کە پڵان-دانەر بە چاوی هەل بیبینێت پلاندانەری دیکە وەکو هەڕەشە بیری لێ بکات. هاوکاڵت خاڵیکی بەهێز یکیکی دیکە بە کم و کۆرتی مانڵیی بکات هەر بویە چونیەتی بیرکردنەوەی زانا و پڵاندانەرەکان زور جیاوازە.**

دیاری کردنی خاڵ و فاکتەرەکان، وەزنی نسبی و ژمارە

| تێبینی | ژمارە | وەزنی نسبی | خاڵ و فاکتەر |
|---|---|---|---|
| بەرزترین ئاستی خالی بەهێز | ١ | ٠٧٥.٠ | دروستبونی هەلی کار |
| نزمترین ئاستی خالی بەهێز | ١٥ | ٠٥٩.٠ | دروست کردنی حەوزی ماسی لە لادێ سنوورییەکان |
| بەرزترین ئاستی کەم و کورتی | ١ | ٠٨٨.٠ | نەبونی هەلی کار لە شارە سنووریەکان |
| نزمترین ئاستی کەم و کورتی | ١٣ | ٠٦٦.٠ | داخستنی سنوور لە کاتە تایبەکان لە دووای ٢٠١٣ |
| بەرزترین ئاستی هەل | ١ | ٠٧٥.٠ | پاڵپشتی لە سەرمایەگوزاری دەرەکی |
| نزمترین ئاستی هەل | ١٤ | ٠٦٠.٠ | باش بوونی ئابووری ناوچە سنووریەکان لە ڕێگەی بازرگانی سنوور |
| بەرزترین ئاستی هەرەشە | ١ | ٠٨١.٠ | نەبونی پلانی تایبەت سەبارەت بە چۆنیەتی پەرەپێدانی هەلی کار لە شار ە سنووریەکان |
| نزمترین ئاستی هەرەشە | ١٤ | ٠٦٢.٠ | گۆرانکاری نەتەوایەتی لە شارە سنووریەکانی هەریمی کوردوستان بە تایبەت لە ٢٠١٣-٢٠١٦ |

سەرچاوە :تویژەر، ٢٠١٧،(٦)

## شیکەردنەوەی فاکتەرە ناوخۆ کاریگەرەکان لە سەر ڕۆڵی سنووری پەرویزخان لە سەر جۆراوجۆری پەیوەندی نێوان دانیشتوانی ناوچە سنووریەکان

بە مەبەستی ناساندنی خاڵ و فاکتەرە بەهێز و کەم و کورتیەکان و جۆراوجۆری هەل و هەڕەشە لە ٤ بوواری ئابوری، کومەڵایەتی و کلتوری،ژینگەی و ڕامیاری و ئاسایش شەرح کەراوە، دەرئەنجامەکانی لە خشتەی ژمارە (٣) دیاری کەراوە.

**شیکەرنەوەی خاڵ و فاکتەرەکانی بەهێز، کەم و کۆرتی، هەل و هەڕەشە**

به پێ شیکەردنەوەکان، ژمارە ۱۵ خاڵی بەهێز لە بەرامبەر ۱۳ خاڵی کەم و کورتی و بە ژمارە ۱۵ هەل لە بەرامبەر ۱٤ هەڕەشە دیاری کەراوە. بە گشتی ۳۰ خاڵی بەهێز و هەل وەکو دەرفەتەکان و ۲۷ کەم و کورتی و هەڕەشە وەکو بەربەستەکان لە بەرامبەری ناوچەکە هەیە کە ئەوە دەسەڵینیت بەربەستەکانی بەرامبەر باشتر بوون و پەرەپێدانی پەیوەندی نێوان دانیشتوانی ناوچە سنووریەکان زۆرە و پیویستمان بە کومەلێك ستراتیجی جۆراوجۆر و بیرکردنەوەی دووجار و بە دوواداچون بە مەبەستی چاکسازی و گورانکاری هەیە. لە رێگەی پەرسیارنامە و شیکاری لیکرت خالی کە و کورتی و بەهێز، هەل و هەڕەشەکان لە روانگەی گروپی وولام دانەوە شەرح و روون کەراوە، بە دلنیاییەوە لەم تویژینەوە مەوزوعەکان لە ٤ بوواری ئابوری، کومەلایەتی و کلتوری،ژینگەی و رامیاری و ئاسایش و بە ریژەی ٥ ژمارە و بە ریزبەندی ۱٥ ژمارە شیکاری کەراوە کە ریزبەندی لە تەواوی تویژینەوەکە بە کار هاتووە، کە وەزنی نسبی هەرکام لە فاکتەرەکان لە دابەش تەوانی دووەمی گشتی هەمو ریزبەندیەکان لە ژمارە راستەوخۆکانی فاکتەرەکان کەم دەکرێتەوە و لە کۆتایی لە گەل ۱ کو دەکرێتەوە لە کوتاییدا ژمارە هەر فاکتەر بە پی بەرزترین و کەمترین ئاست دیاری کەراوە. ئە نجامی کوتایی ریزبەندی لە خەشتەیی ( ٦ ) هاتووە.

**دەرئە نجام و ئستراتیجیە گەورەکانی تویژینەوە**

سنووری پەرویزخان لە لایەن زانایان وەکو شوینێکی ستراتیجی ناسراوە کە ڕۆڵیکی یەکجار زۆری لە سەر چونیەتی پەیوەندی نێوان دانیشتوانی ناوچە سنووریەکان هەیە بەدلنیاییەوە کومەلێك فاکتەری دیاری کەراوی ناخۆ و دەرەکی کاریگەری راستەوخویان لە سەر چونیەتی ڕۆلی سنووری پەرویزخان هەیە کە لە نێوان ساڵانی ۲۰۰٦-۲۰۱٦ بە ریژەی زور و کەم جۆری پەیوەندیەکانیان پتەو یان ئالۆز کردووە.دەرئە نجامەکانی دیاری کەراوو لە مۆدێلی SWOT ئەوە دەسەڵینێت کە کەم و کورتیەکان و هەڕەشەکان لە سەر جۆراوجۆری پەیوەندی دانیشتوانی ناوچە سنووریکان بە تایبەت لە دووای ۲۰۱۳ واتا بە هۆی شەری داعش و سەرهەڵدانی قەیرانی ئابوری زۆرە کە گرنگترین فاکتەری کەم و کورتی، (نەبوونی هەلی کار لە شارە سنووریەکان) لە ریزبەندی بە ژمارە ۱ و وەزنی نسبی ۰.۰۸۸ و هەروەها

گرنگترین فاکتەری هەڕەشە،(نەبونی پلانی تایبەت سەبارەت بە چونیەتی پەرەپێدانی هەلی کار لە شارە سنووریەکان ) لە ریزبەندی بە ژمارە ١ و وەزنی نسبی ٠.٠٨١ بەرزترین ئاستیان بە دەست هێنا کە بو چاکسازی و گۆڕانکاری پیویستی بە دوواداچون و دیاری کەردنی ستراتیجی جۆراوجۆری گەورە و نوێە بە مەبەستی کەم کردن و لە ناو بردنی کەم و کورتیەکان و چارەسەرکردنی زانستی هەڕەشەکان لە رێگەی خاڵ و فاکتەرە بەهێز و هەل کان.

لە کوتایی پیویستە بو دانانی بناغەیەکی پتەو لە جۆراوجۆری پەیوەندی بەهێز نێوان ناوچە سنووریەکان لە لایەن پلاندانەرانی ناوچەکە جۆراوجۆری فاکتەرەکان لە بووارەکانی ئابوری، کومەلایەتی و کلتوری، ژینگەی و ئاسایش و رامیاری گرینگی پی بدریت تا کو هەنگاوەکانی بەرزبوونی ئاستی بازرگانی خیراتر دابنرێت.

**ماتریسی دیاری کردنی ستراتێجی گەورەکان بە مەبەستی پەرەپێدانی پەیوەندی نێوان دانیشتوانی ناوچە سنووریەکان**

| هەڕەشەکان | هەلەکان | |
|---|---|---|
| T١= نەبونی پلانی تایبەت سەبارەت بە چۆنیەتی پەرەپێدانی هەلی کار لە شارە سنووریەکان<br>T٢= نەبونی ئامێری جۆراوجۆری ئاسایش لە سنووری هەرێم<br>T٣=بەرزکردنەوەی روژ بە دووای رۆژی نەرخی کارتی مانەوە<br>T٤= نەبون و کۆن بونی داتا سە-رژمێریەکان<br>T٥=کەم تر خەمی دانێشتوان و بەرپە-رسان سەبارەت بە پاک و خاوێنی ناوچە سنووریەکان بە تایبەت لە شاری خانقین | O١= پاڵپشتی لە سەرمایەگۆزاری دەرەکی<br>O٢= دروست کردن و پەرەپێدانی بازاڕە بچوکەکانی سنوور بە مەبەستی بەهێزکردنی ئابووری لادییەکان<br>O٣= سازدانی کومەلێک کۆنفرانس و دیدار سەبارەت بە ناوچەی گەرمەسێر لە کولێجی زمان و زانستە مروڤایەتیەکان<br>O٤= گرینگیدان و رێزلێنان لە جل و بەرگی کوردی بە پۆشینی لە لایەن فەرمانبەرانی سنووری هەرێم<br>O٥=دامەزراندنی پارکی ئاژەلان لە ناوچە سنووریەکان | |
| **ئستراتیجی جۆراوجۆر( ST)** | **ئستراتیجی رکابەری و هێرەش بەر( SO)** | **خالەبەهێزەکان** |
| دامةزراندني بةشي پلاندانان لة بوواري تايبةت و جوگرافيا لة كوليجةكاني زانكوي گةرميان بة مةبةستي ناساندني جوراوجوري موديلي زانستي بة خويندكاران و پالپشتيان لة ئةنجامداني پروزة و تويزينةوة<br>دياري كردن كاتي تايبةت و ئةنجامداني | فراوان كردن و پةرةپيَداني جوَراوجوَري تويزينةوة و پروزة لة لايةن زانكوي گةرميان سةبارةت بة ناساندني سنوور و و جوَراوجوَري هةلي كار لة بازارة بچوكةكاني سنوور<br>دامةزراندني بةشي بةريوةبةرايةتي و بازرگاني لة كوليَجةكاني زانكوي گةرميان بة | S١= دروستبونی هەلی کار<br>S٢= پەرەپێدانی جۆراوجۆری بازرگانی<br>S٣= هەبونی هاوبەشی فراوانی سنووری بۆ دروست کردنی ناوجەی ئازادی بازرگانی<br>S٤= هاوبەشی نەتەوەیی ناوچەسنووریەکان<br>S٥=هەبونی مەودایەکی زور لە هاوبەشی سنوور |

| | | |
|---|---|---|
| | مةبةستي ئاسانكاري بو دروست كردني<br>ناوچةي ئازادي بازرگانی<br>فةرمي و ياسايي كةردني لة لايةن حكومةتي<br>هةريَم پوشيَني جل و بةرگي كوردي لة لايةن<br>فةرمانبةراني سنوور بة مةبةستي<br>بةرزنةواندني هةستي نةتةوايةتي لة ناوچة<br>سنووريةكان | پروسةي سةرزميري و كوكردني<br>جوراوجوري ديتاكاني ناوچة سنوريةكان<br>وةكو هةلمةتي چاكسازي لة لايةن<br>زانكوي گةرميان<br>دروست كردني ناوجةي ئازادي<br>بازرگاني و هاوردة كردني<br>جوراوجوري ئاميري كونترولي ئاسايش<br>لة وولاتي ئيران<br>داناني مودةيةكي بو نمونة٥ سالة بو<br>نرخي نةگوري كارتي مانةوة لة لايةن<br>حكومةت |
| **کەم و کوڕتیەکان** | **ئستراتيجی بيرکەردنەوەی دووجارە و بەدوواداچون( WO )** | **ئستراتيجی بەرگری( WT )** |
| W١= نەبونی هەلی کار لە شارە سنووریە-کان<br>W٢= بەرز بونەوەی ئاستی بێکاری بەتایبە-ت دووای ٢٠١٣ لە ناوچە سنووریەکان<br>W٣= نەبونی سەرمایەگوزاری دەرە کی لە ناوچە سنووریەکان<br>W٤= لە بیر کردنی لادیە سنووریەکان لە لایەن حکومەتەکان<br>W٥=کەم تر خەمی بەرپرسان و دانیشتوانی ناوچە سنووریەکان بو پاک و خاوێنی ژینگە | دروست كردني جوَراوجوَري شويَني خزمةت<br>گوزارية ناوةنديةكان وةكو:هوتيَل و موتيَل و<br>كافتريا و كتيَبخانة وپاركي ئازةلان لة سنوور و<br>لاديَ و شارة سنووريةكان بة مةبةستي<br>فراواني هةلي كار<br>پالپشتي و ئاسانكاري بو سةرمايةدارن و خاوةن<br>كمپانياكان بو دروست كردني جوراوجوري<br>هةلي كار لة بةرزةوةندي دةرجوواني<br>زانكوكاني ناوجة سنوريةكان<br>دامةزراندني جوراوجوري ريكخراوي پاك و<br>خاويني زينگة بة بةرنامة ي فراوان<br>وةكو:دياري كردني روزي جمعة بو كوكردني<br>زبل لة زينگة بة تايبةت بة هاوكاري<br>خويندكاراني زانكوي گةرميان | سازداني جوراوجوري ريكخراوي پاك<br>و خاويني زينگة لة زانكوي گةرميان بة<br>پالپشتي حكومت بة مةبةستي ناساندن و<br>پتةو كردني كلتوري پاك و خاويَني<br>ناوچة سنووريةكان و بة تايبةت شاري<br>خانقين<br>رةخساندني زيرخان بو بةشداري كردني<br>دانيشتواني ناوچة سنووريةكان لة پروزة<br>چاكسازيةكان بة پالپشتی حكومةت و<br>زانكوي گةرميان هانداني خاوةن<br>سةرماية بچوكةكاني دانيشتوي ناوچة<br>سنووريةكان بو دروستي كةردني شوينة<br>ناوةندية خزمةت گوزاريةكان لة<br>لاديَةكان بة مةبةستي فراواني هةلي كار |

**سەرچاوە:تويژەر، ٢٠١٧،(٧)**

# پەراوێزەکان


١) **علی اسغر، سعیدی، خالد، اسماعیل زاده و عبددولا پور،( ١٣٨٨ خ ) شیکردنەوەی کومەڵناسی ئابوری بازارە هاوبەشە سنووریەکان : ناوچەی دیاری کراو: بازارە دیاری کراوەکانی سنووری سەردەشت و پیران شهر، گۆڤاری زانستەکومەلایەتی یەکان، ، ژمارە ٤٥ لا پەرە** ١٣٣- ٩٣ .

(٢ Phanga phanga , lement (2007**) Integrationg ruraldevelopment and iemport trade** , government of malawill ,minister of industry and private sector development,24 .

(٣ Chandoe vwwit, worawan , y,ngyuthchala mwong and srawoothpaitoonpong (2004) , **Thilands,eross border economy , a case study of sa kaeoandchiangrai** ) Thailand development resouree institate,51.

٤) **ئمام علی، عاشری، سمەیە، نور محمدی، د.رزا، فقاری و علی رزا، روستمی ، بەراوردی کاریگەریەکانی ئابووری – کۆمەڵایەتی و ئاسایشی دامەزراندنی بازاڕە بچووکە سنووریەکان و ڕۆڵی لە پەرەپێدانی ناوچە سنووریەکان ( نمونەی هەڵبژاردە ، بازاڕە بچوکەکانی سنووری جوانرۆ ( شێخ سالح ) ، کۆلێجی زانستە مرۆفایەتیەکان ، زانکۆی اهلی سنە ، ٩ و ١٠ ی خورداد ، ١٣٩١ خ ، ل ١ .**

٥) **ناصر، رزایی ، محمد رووف، حیدری فر، کێشە و کەم و کورتیەکانی ئاسایشی پارێزگای کرماشان بە مەبەستی باشتر کردنی پرۆسەی چاوودێری و کۆنترۆڵی سنوور ، گۆفاری سنوور،** ٨٩ ، ١٣٩٥ خ، ل١ .

٦) **حمید رزا، ابراهیم زادە، مسعود، بیک دلی ، بەراوردی ڕۆڵی بازاڕە بچوکەکانی سنوور لە ئاسایش و پەرەپێدانی بەردەوامی شارە سنووریەکان ، نمونەی هەڵبژەردە بازاری سنووری پەروێزخان ، قەسری شیرین ، سیفیلیکا ،** ١٣٩٥ خ ، ل١ .

(٧www.google earth

(٨ Hafeznia,M.R.,2011,**Political Geography of Cyber Space**,Samt,Tehran.(in Persian), 107.

(٩Mir-Heydar,D.,1991,**The Foundation of Political Geography**, Samt, Tehran. (in Persian), 141.

(١٠,208. Alibabaie, GR., 1990, **Dictionary of International Relations**, Safir, Tehran. (in Persian)

(١١Glassner, M.I. and Fahrer, Ch., 2004, **Political Geography**, Third Edition, John Wiley and Sons, New York,63-65.

(١٢Muir, R., 1997, **Political Geography a New Introduction**, Macmillan Press L td, London, Translated by drreh Mir-Heydar and S.R.. Safavi, National Geographical Organization Publication, Tehran. (in Persian), 12.

(١٣Drysdale, A. and Blake, G., 1990, **The Middle East and North Africa; A Political Geography**, Oxford Press, New York. Translated by Dorreh Mir-hedar, Samt, Tehran. (in Persian),16.

١٤) **ئمام علی، عاشری، سمەیە، نور محمدی، د.رزا، ققاری و علی رزا، روستمی ، بەراوردی کاریگەریەکانی ئابووری – کۆمەلآیەتی و ئاسایشی دامەزراندنی بازاڕە بچووکە سنووریەکان و ڕۆڵی لە پەرەپێدانی ناوچە سنووریەکان ( نمونەی هەڵبژاردە ، بازاڕە بچوکەکانی سنووری جوانرۆ ( شێخ سالح ) ، کۆلێجی زانستە مرۆفایەتیەکان ، زانکۆی اهلی سنه ، ٩ و ١٠ ی خورداد ، ١٣٩١ خ، ل** ٥ .

١٥) **بەڕێوەبەرایەتی گشتی یاسای هاوردە و هەناردە کردنی وەزارەتی بازرگانی ئێران ،یاساکانی هاوردە و هەناردە کردن ، نەشری بازرگانی،** ١٣٨٠خ ، **ل**٢٢ .

١٦) **ابراهیم علی، ڕازینی و علی رزا، باستانی، شیکردنەوەی ڕۆڵ و کاریگەری بازاڕە بچوکە سنووریەکان ، گروپی بازرگانی دەرەوە ، زانیاری ئابووری ، جێگر پلاندانان و شیکردنەوەی ئابووری ، وەزارەتی بازرگانی ،** ١٣٨١ خ، **ل**٥٢.

(١٧Galibaf, M.B., Yarie Shegfti, I., and M., Ramazanzadie Lesboui, 2008, **The Effects of social Capital on the Security of borders, Case Study; Borders of Nosood District of Paveh County in Kermanshah Province,** Geopolitics Quarterly, Vol. 12, No. 2, PP. 25-50. (in Persian),47.

١٨) **م.، مهدوی، بارانی پسیانی، مدبر خاك نژاد و س،یاهك، امكان سنجی توسعه صنایع روستایی در شهرستان عجب شیر با مدل سوات، مجله توسعه روستایی، دوره اول، شماره** ٢، ١٣٨٩، ٨٧.

(١٩**Fisher, c.** 1989. Curent and Recurent Challenges in HRM, *Journal of Management*, 15(2), 48.

٢٠) غ. **خوشزاد، جزوه اموزشی مدل برنامەریزی سوات،** ١٣٨٨ خ، ١٧.

٢١) ج.، **هریسون و جان، ك.** ١٣٨٢خ. **مدیریت استراتژیك، ترجمه بهروز قاسمی، تهران، انتشارات هیات،** ١٩٢.

**سەرچاوەكان**


**١)ابراهیم زاده ، حمید رزا ، بیك دلی ، مسعود، بەراوردی ڕۆڵی بازاڕە بچوكەكانی سنوور لە ئاسایش و پەرەپێدانی بەردەوامی شارە سنووریەكان ، نمونەی هەڵبژەردە بازاری سنووری پەروێزخان ، قەسری شیرین ، سیفیلیكا ، ١٣٩٥ خ ، ل١.**

**٢)بەڕێوەبەرایەتی گشتی یاسای هاوردە و هەناردە كردنی وەزارەتی بازرگانی ئێران ، ١٣٨٠خ ، یاساكانی هاوردە و هەناردە كردن ، نەشری بازرگانی .**

**٣) سعیدی، علی اسغر ،اسماعیل زادە ، خالد و عبددولا پور، شیكردنەوەی كومەڵناسی ئابوری بازارە هاوبەشە سنوریەكان : نتوچەی دیاری كراوی بازارە دیاری كروەكانی سنوری سەرەشت و پیران شهر گۆڤاری زانستكومەلایەتی یەكان ژمارە ٤٥، ١٣٨٨خ، لا پەرە ٩٣-١٣٣ .**

**٤) خوشزاد، غ. ١٣٨٨ خ. جزوه اموزشی مدل برنامەریزی سوات، ١٧.**

**٥)ڕازینی ، ابراهیم علی و باستانی ، علی رزا ، شیكردنەوەی ڕۆڵ و كاریگەری بازاڕە بچوكە سنووریەكان ، ١٣٨١خ ، گروپی بازرگانی دەرەوە ، زانیاری ئابووری ، جێگر پلاندانان و شیكردنەوەی ئابووری ، وەزارەتی بازرگانی .**

**٦)رزایی ، ناصر ، حیدری فر ، محمد رووف،كێشەو كەم و كورتیەكانی ئاسایشی پارێزگای كرماشان بە مەبەستی باشتر كردنی پرۆسەی چاوودێری و كۆنترۆڵی سنوور ، گۆفاری سنوور ، ١٣٩٥ خ ، ٨٩ ، ل١.**

**٧)عاشری ، ئمام علی ، نور محمدی ، سمەیە ، فقاری ، د.رزا وە روستمی ، علی رزا، بەراوردی كاریگەریەكانی ئابووری – كۆمەڵایەتی و ئاسایشی دامەزراندنی بازاڕە بچووكە سنووریەكان و ڕۆڵی لە پەرەپێدانی ناوچە سنووریەكان ( نمونەی هەڵبژاردە ، بازاڕە بچوكەكانی سنووری جوانرۆ ( شێخ سالح ) ، كۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەكان ، زانكۆی اهلی سنە ، ٩و ١٠ ی خورداد ، ١٣٩١ خ ، ل ١ . ٩٠) هریسون، ج.، و جان، ك. ١٣٨٢. مدیریت استراتژیك، ترجمە بهروز قاسمی، تهران، انتشارات هیات، ٣١٤ژمارەی لا پەرەكان.**

**٨) مهدوی،م.، بارانی پسیانی، و مدبر خاك نژاد، و یاهك، س.١٣٨٩ امكان سنجی توسعە صنایع روستایی در شهرستان عجب شیر با مدل سوات، مجلە توسعە روستایی، دورە اول، شمارە ٢، ١٠٩-٧٩.**

**٩)هریسون، ج.، و جان، ك. ١٣٨٢. مدیریت استراتژیك، ترجمە بهروز قاسمی، تهران، انتشارات هیات، ٣١٤ژمارەی لا پەرەكان.**

١٠) Alibabaie, GR., 1990, **Dictionary of International Relations**, Safir, Tehran. (in Persian)

١١)Chandoe vwwit, worawan , y,ngyuthchala mwong and srawoothpaitoonpong (2004) , **Thilands,eross border economy , a case study of sa kaeoandchiangrai** ) Thailand development resouree institate.

١٢) Drysdale, A. and Blake, G., 1990, **The Middle East and North Africa; A Political Geography**, Oxford Press, New York. Translated by Dorreh Mir-hedar, Samt, Tehran. (in Persian)

١٣) **Fisher, c.** 1989. Curent and Recurent Challenges in HRM, *Journal of Management*, 15(2): ٢١-٤٨.

١۴) Galibaf, M.B., Yarie Shegfti, I., and M., Ramazanzadie Lesboui, 2008, **The Effects of social Capital on the Security of borders, Case Study; Borders of Nosood District of Paveh County in Kermanshah Province,** Geopolitics Quarterly, Vol. 12, No. 2, PP. 25-50. (in Persian)

١۵)Glassner, M.I. and Fahrer, Ch., 2004, **Political Geography**, Third Edition, John Wiley and Sons, New York.

١۶) Hafeznia,M.R.,2011,**Political Geography of Cyber Space**,Samt,Tehran.(in Persian)

١٧) Mir-Heydar,D.,1991,**The Foundation of Political Geography**, Samt, Tehran. (in Persian)

١٨) Muir, R., 1997, **Political Geography a New Introduction**, Macmillan Press L td, London, Translated by drreh Mir-Heydar and S.R.. Safavi, National Geographical Organization Publication, Tehran. (in Persian)

١٩)Phanga phanga , lement (2007**) Integrationg ruraldevelopment and iemport trade** , government of malawill ,minister of industry and private sector development .